



# کەمێک مێشکت ئاسوودە بکە

## فشاری خوێن

پیاوێك بەژنەكەی ئەڵێت: ئازیزم ئەزانیت (خوێ) زۆر ئیرەییت پێ ئەبات؟!

ژنەكەی ئەپرسێت: بۆچی خۆشەویستەكەم؟

پیاوەكە ئەڵێت: ئاخر چونكە تۆ لەو زیاتر فشاری خوێن بەرز ئەكەیتەوە!

## مناڵ

سێ هاورێ پێكەوە ئەبن، یەكێكیان ئەڵێت: ژنەكەم دوای ئەوەی كتێبی (دوودۆستەكە)ی خوێندەوە دوو مناڵی بەیەك سك بوو.

دووەمیشیان ئەڵێت: ژنەكەی منیش دوای ئەوەی رۆمانی (سێ سوارچاكەكە)ی خوێندەوە، سێ مناڵی بەیەك سك بوو.

هاورێی سێیەمیان هەستاوبەراكردن بەروە ماڵەوە رۆشت،

دووهاورێكەی هاوارییان لێكرد: چی بوو ئەوە؟ بۆ كوێ رائەكەیت؟!

هاورێكەیان بەدەم راكردنەوە وتی: كورە با فریای ژنەكەم بكەوم كتێبی (عەلی بابا و ٤٠ دزەكە ئەخوێنێتەوە)!

## نەعل

پیاوێك بەهاورێكەی ئەڵێت: شورەیی نییە بۆ تۆ، ئێمە لای تۆ دانیشتووین و ژنەكەت نەعلت تێ ئەگرێت؟!

هاورێكەی ئەڵێت: بەس توو شەرەفت هێشتم نەعلەكەم بەركەوێت؟!

## خۆكوشتن

پیاوێك ئەیویست خۆی بكوژێت، پیاوێكی پیر رایگرت و پێی وت: بۆ ئەتەوێت خۆت بكوژێت؟

كابرا وەڵامی دایەوە: كێشەیەكی خێزانیی زۆر ئاڵۆزم هەیە و چارەسەری نییە.

پیرە پیاو پێی وت: هیچ كێشەیەك بێ چارەسەر نییە، ئادەی بۆم باسبكە.

پیاوەكە وتی: بێوەژنێكم مارەكرد كەكچێكی هەبوو. باوكم كچەكەی بینی حەزی لێكرد. بۆیە كچی ژنەكەمی هێنا. كەواتە باوكم بوو بە مێردی كچەكەم و منیش بووم بەخەزووری باوكم. ژنەكەم كورێكی بوو، كەئەكاتە كورەزای باوكم. لەبەرئەوەی كورەكەم برای ژنەكەی باوكمە كەئەبێتە دایكم، كورەكەم بوو بەخاڵم.

كاتێك ژنەكەی باوكم كورێكی بوو، بوو بە برام و هەروەها بەنەوەشم چونكە كوری كچی ژنەكەمە.

لەبەر ئەوەی ژنەكەم بوو نەنكی براكەم كەواتە نەنكی منیشە و منیش نەوەی ئەوم. بەم شێوەیە بووم بەمێرد و نەوەی ژنەكەم.

لەبەر ئەوەی ژنەكەم نەنكی براكەمە كەواتە منیش باپیری براكەمم. هاوكات بووم بەباپیری خۆم و هەروەها نەوەی خۆم.........

لێرەدا كابرای پیرە قسەكەی پێ بری و پێی وت: وەرە با بەیەكەوە خۆمان بكوژین!

## گەردوون

دوو هاورێ ئەچن بۆ بیابان و چادرێك هەڵئەدەن و لەژێریدا پاڵ ئەكەون. شەو درەنگ یەكێكیان بەوی تر ئەڵێت: سەیری ئاسمان بكە، چی ئەبینیت؟

دووەمیان سەیری ئاسمان ئەكات و ئەڵێت: ژمارەیەكی زۆر ئەستێرە ئەبینم.

یەكەم ئەپرسێت: ئەزانیت ئەوە مانای چییە؟

دووەم: مانای ئەوەی گەردوون زۆر گەورەیەو ملیاردها ئەستێرە و هەسارەی تێدایە.

یەكەم ئەڵێت: نا عاقڵ، ئەوەی مانای ئەوەیە كە چادرەكەیان دزیوین!

تێبینی: ئەگەر نوكتەی تازەتان لایە، و ئەتانەوێ بەناوی خۆتانەوە لەم گۆشەیەدا بێو بێتەوە، بۆمان بنێرن:

khakmagazine@khak.org

# وشەی یەکتربڕ

ئامادەکردنی: جەمیل عەلی



تێبینیی : خانەی یەك پیتیی فەرامۆش بكە.
ت : تێكەڵ    پ: پێچەوانە

**ستوونی**

١.هۆشبەر (ت).
٢.ڕێك و ڕاست، پێچەوانەی برد.
٣. پەیام (پ).
٤.دایكی رۆژنامەكانی كوردە، وورچی غەیرە كورد(پ).
٥.شەهیدێكی فەرماندەو خاوەن پلەی سەربازیی بوو.
٦.نهێنیی بە زمانێكی تر (پ)
٧.پێكهاتەیەكی كۆئەندامی هەرسە.
٨.تیپێكی گۆرانی میللیی رەسەن و ناوداری كوردستانە
٩.لە كەرەستەكانی بیناسازییە.
١٠.قوماش و جل و بەرگێكی كوردەوارییە.

**ئاسۆیی**

١-ئاوازدانەر و گۆرانیبێژێكی شاری سلێمانییە(ت).
٢-پشیلەی عەرەب (پ)، لە وەلیددایە.
٣- وورگ، بۆچوون .
٤- لە كراسدایە، جەردە، بینی.
٥- ژمارەیە، كانزایە (پ)، دوو پیتی هار.
٦- تاجی ناتەواو ، ئەز.
٧- لە ئاودا ببیینە.
٨- میوەیەكە ، گەورە.
٩- رەگەزی ژن (پ) ، ژەهر بە عەرەبی (پ)، راناوێكی ئینگلیزییە (پ).
١٠ – گونجاو نییە.
١١- شەربەتێكی دێرینە (ت) .

## وەڵامی یەکتربڕی پێشوو

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ج | ا | ن | | ن | ج | ا | ك | س | |
| ٢ | ی | | | * | ا | ۆ | | | ی | ن |
| ٣ | م | | ۆ | ه | ر | ن | | | ا | ا |
| ٤ | ی | | ر | ی | ه | ت | | ی | چ | ی |
| ٥ | ك | | | ب | | ر | | ن | ه | ا |
| ٦ | ا | | | ن | | ا | | ا | م | و |
| ٧ | ر | | م | ر | ۆ | ڤ | | م | ا | ه |
| ٨ | ت | | ب | ه | ك | ل | | ێ | ن | ن |
| ٩ | ه | | | ب | ه | ت | | ل | ه | ێ |
| ١٠ | ر | ێ | ن | ی | س | ا | ن | س | | ب |

## بۆینباخ بەستن

